## 9- ڕێنمایی ژمارە (2) ساڵی 2013 تایبەت بە ڕێکخستنی گواستنەوەی پێداویستیە کشتوکاڵیەکان بۆ پارێزگاکانی هەرێم

پاڵپشت بە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای کەرەنتینی کشتوکاڵی ژمارە (17)ساڵی 1966 هەموارکراو و بە مەبەستی ڕێکخستنی پێداویستییە کشتوکالیەکان کە لە پارێزگاکانی عێراقی فیدراڵەوە یان لە دەرەوەی وڵاتەوە دەگوازرێنەوە بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمیشدا کە بریتین لە بنەتۆی جۆراوجۆر و هەر فرکەرێکی دەردە کشتوکالییەکان و پەینی کیمیاوی و نەمامی جۆراوجۆرو هەر بەشێکی دیکەی ڕووەك کە بۆ چاندن بەکاربێت سەرباری مێوە و بەروبومی سەوزە..... تاد دەبێت بە پێی ئەم ڕێنماییانە بێت کە لە لای خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین.

### 1. گواستنەوەی فرکەرەکیمیاییەکان

هەرچەندە ڕێگەدان بە هاوردنی فرکەرە کیمیاییەکان لە دەرەوەی وڵات پەیوەندی بە حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە هەیە و ئەو لایەنانەی ڕێگەیان پێدەدرێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێت مۆڵەتی هاوردنیان هەبێت و پابەندبن بە مەرجەکانی هاوردەکردنی فرکەرەکانی دەردە کشتوکالیەکان وەك لە مادەی {3}لە سیستەمی ئاڵوگۆری کەل و پەلی کشتوکاڵی ژمارە {36}ی ساڵی 1971 دا هاتووە یا هەر ڕێنماییەکی دیکە لەم ڕووەوە دەربچێت، بەلام بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی کشتوکاڵ لە برو جۆری ئەو فرکەرانەی دەهێنرێنە پارێزگا ئاگاداربن، بۆیە ئەو بازرگانانەی کە بەم کارە هەڵدەستن دەبێت:

1-1 ڕەزامەندی پێشوەخت لە ب.گ.کشتوکاڵی پارێزگای پەیوەندیدار ب. پاراستنی ڕووەك وەربگرن لە ڕێگەی داواکاریەك کە تێدا ئاماژە دەدرێ بە:

(أ) ناوی فرکەرەکان و برەکانیان و شێوە و قەبارەی دەفرەکانیان.



Scanned by CamScanner

لەم رووەوە هەر فرکەرێك:

- تۆمار نەکرابێت لە عێراق یان

- لە ولاتی بەرهەمهێن بە کار نەیێت یان

- زۆر ژەهراوی و مەترسیدار بێت و ببێتە هۆی پیسبونی پێکهاتەکانی ژینگە، یان - ماوەی بەکارهێنانی بەسەرچووبێت یان

- تابلۆی زانیاریەکان دەستکاریکرابێت یان - هەر هۆیەکی دیکە رێگەی پێنادرێت

(ب) ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە (جهة التجهيز) واتە شوێنی هاوردنی بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە دەرەوەی وڵات یان لە رێگەی هەر کۆمپانیایەکی رێگەپێدراوەوە هاتبێت.

(ج) دیاریکردنی ئەو بازگەیەی لێوەی دێتە ژورەوە.

2-1 کارتی زانیاری تەنها دەبێت بە زمانی عەرەبی و کوردی وئینگلیزی نوسرابێت و تەواوی زانیاری پێویست لە خۆبگرێت.

3-1 دوای رەزامەندی و لە کاتی هێنانی ئەو فرکەرانە دەبێت ئەم دۆکۆمێنتانەیان لەگەلدا بێت:

(أ) وێنەیەك لە بروانامەی شوێنی بەرهەمهێن ( شهادة المنشأ).

(ب) وێنەیەك لە بروانامەی شیکردنەوەی تاقیگەیی ( SGS) یان هەر بروانامەیەکی نێودەولەتی باوەرپێکراو.

(ج) جێبەجێکردنی یاسا و رێساکانی کەرەنتینەی کشتوکالی یان هەر رێنماییەکی دیکە.

**(2) گواستنەوەی بنەتۆی جۆراوجۆر کە بۆ چاندن بێت**

1-2 وەدەستهێنانی رەزامەندی پێشوەخت لە ب. گ. کشتوکالی پارێزگای پەیوەندیدار/ ب. بەرهەمهێنان و پەسەندکردنی تۆ لە رێگەی داواکارییەك کە تیایدا ئاماژە دەدرێت بە:



Scanned by CamScanner